**لە"قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا" ـ کورد بۆی نیە گەل بێ**

**دکتۆر ڕێبوار فەتاح**

*"قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا" ئەو ناسنامەیە کوردیەی سڕیەوە کە کورد لە 13 ساڵی پێشتردا دیمەزراندبوو، بگرە کوردی کرد بە قوڕگی ئەژدیهای عرووبەی شیعە و سوننەی عێراقدا."*

**لە داڕشتنی هەموو بڕگەیەکی "قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا" (لەمەولا پێی دەڵێم 'قانوونەکە') کەمکردنەوە و سووککردنی گەلی کوردستان و کێشەکەی لەچاوگیراوە. هەرچەندە بڕیاری 1546ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرووەکان ئەم قانوونەی وەک بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتی گۆڕکرد، کێشەی کوردی کردەوە بە کێشەی ناوخۆی عێراق و کوردی خستە ژێر ڕەحمەتی عرووبەوە. هێشتا پێدەچێ کە لایەنە کوردەکان سووربن لەسەر جێبەجێکردنی قانوونەکە. بگرە بە دەسکەوتێکی مێژووی کوردی لەچاودەگرن. جا بۆیە لێکۆڵینەوەی قانوونەکە لە چەند لایەنێکەوە پێویستە:**

- بۆ خستنەڕووی کاریگەریتی قانوونەکە لەسەر کێشەی کورد، کوردستان و گەلی کوردستان؛
- بۆ پووچەڵکردنەوەی بەدنیەتی هێزە عەرەبی، ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان لە سەرکوتکردنی کورددا؛
- بۆ دەرسوەرگرتن لەو هەڵە و خەوشانەی لە قانوونەکەدا هاتوون.

**هەڵبەت قانوونەکە بەڵگەنامەیەکی ئاڵۆزە، چەندین لایەنی هەیە. ئەز تا ئێستا چەند لایەنێکیم هووروووژاندووە. لێرەدا لایەنێکی تری دەهووروووژێنم، زاڵکردنی ئایدیۆلۆجی عەرەب – ئیسلام بەسەر گەلی کوردستاندا.**

**ڕاستە ئەمە قانوونی سەردەمی گواستنەوەیە، بەڵام ڕەنگی عێراقی داهاتوو، قۆناغی گواستنەوە دایدەڕێژێ.**

**مادەی 4 لە قانوونەکە شێوازی حوکم لە عێراقدا دەناسێنێت:**

**"ڕژێمی حوکم لە عێراقدا کۆماری – شێوەی یەکگرتووی (فیدراڵی) دیمکراتی و هەمەحزبە. دابەشکردنی دەسەڵاتەکان تێیدا لەنێوان حکومەتی یەکگرتوو و حکوومەتەکانی هەرێم، ستانەکان، کەنسڵەکان و ئیدارەی ناوچەکاندایە. ڕژێمێکی یەکگرتووە لەسەر بناغەی مافەکانی جوگرافی، مێژوویی، جوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان؛ نەک لەسەر بناغەی ڕەچەڵەک، ڕەگەز، ئەتنیک، گەل یان مەزهەب."**

**جا با تیشک بخەینە سەر چەند لایەنێکی ئەم مادەیە.**

**دیارە ئەم مادەیە دژی کورد نووسراوە. ئەم بڕگەیە ئاین ناهێنێتە زمان بەڵکو ئەدرێسی "ڕەچەڵەک، ڕەگەز، ئەتنیک، نەتەوە یان مەزهەب" دەکات. بەمەش، ڕێ لە "گەلی" کورد دەگرێ گەر بخوازێ وەک گەلێک بکارێ. کورد دەخاتە ئاستی مەزهەب و ڕەچەڵەکەوە. کەچی هەر قانوونەکە خۆی لە "مادەی 7 بڕگەی ب"دا عەرەبی عێراق دەکات بە بەشێک لە 21 نەتەوەی تری عەرەب. هەرچی کوردە بۆی نیە بەشێک بێ لە گەلی کوردستانی دابەشکراو. بۆچی عەرەب بۆی هەبێ لە عێراقدا "گەل" بێ و کورد بۆی نەبێ؟**

قانوونەکە هەموو ڕێیەک دەدۆزێتەوە بۆ لەنێوبردنی کۆنسێپتی کورد و کوردستانێتی. ئەمەش دەبێ وەک بەشێک لە بەعەرەبکردن ببینرێ، کە عەرەب خۆی بە گەلی زاڵ ـ نێر دادەنێ لە عێراقدا.

چەند پرسێک دێنە زمان لە ڕۆشنایی ئەم بڕگەیەدا. ئایا بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، کورد دەستبەرداری کوردستانێتی کوردی باشوور نەبووە؟ ئایا بەمە کوردی باشوور ناسنامەی کوردستانێتی لەخۆ داناماڵێت؟ ئایا کوردی باشوور دابەشکردنی کوردستانی بە قانوون نەکردووە؟

خۆ گەر سەرنجی بەڵگەنامەکانی پێشتر بدەین کە کورد لەگەڵ عەرەبی دەری حکومەتدا (ئۆپۆزیسیۆنی عێراقدا) مۆری کردوون، دەبینرێ کە "فیدراڵیزم" – یان قەوارەی سیاسی کورد – بەزەقتر ددانی پێدانراوە. بۆ نموونە، لە بڕیارەکانی کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقدا لە لەندەن (14–15 دیسەمبەری 2002)، "یەکگرتوو" لە کەوانەدا نووسراوە، نەک "فیدڕاڵی" کە باس لە عێراقی فیدراڵی یان یەکگرتوو دەکرێ. هەرچی لە قانوونەکەدایە پێچەوانە کراوەتەوە. هەروەها بڕگەکە وشەی "یەکگرتوو" دووجار دووبارە دەکاتەوە، لەبەرئەوەی نەبا کورد خەونی جودابوونەوەی هەبێ. هەڵبەت ئەمەش بۆ کاڵکردنەوەی هێزی قەوارەی سیاسی کوردە.

مادەی 7 بڕگەی ا، ڕستەیەکی درێژی ناقۆڵایە و بە زمانێکی ناقانوونی نووسراوە؛ کە پتر لە 50 وشەیە و چەندین کۆنسێپتی ئاڵۆزی تێ ئاخنراوە؛ وشەی "ئیسلام" سێجار نووسراوەتە. پاش خوێندنەوەیەکی وردی بڕگەکە و داڕشتنەوەی بە خاڵبەندی گونجاوەوە، لە شێوازێکدا، کە هێندەی بکرێ، کەڵکی خوێندنەی هەبێ، بە کوردیەکەی ئەمەی لێدەرچووە:

"ئیسلام ئاینی ڕەسمی دەوڵەتە و بەسەرچاوەیەکی بەقانوونکردن دادەنرێ. نابێ قانوونێک لەسەردەمی گواستنەوەدا دابڕێژرێ ناتەبا بێ لەگەڵ نەگۆڕەکانی ئیسلامدا، کە لەسەری ڕێککەوتوون، ناکۆک بێ لەگەڵ ئەو بنەما دیموکراتی و مافانەدا کە لە بەشی دووەمی ئەم قانوونەدا نووسراوە، ئەم قانوونە ڕێز لە ناسنامەی ئیسلامی زۆربەی گەلی عێراق دەگرێ. ئەم قانوونە تەواوی مافە ئاینیەکانی ئازادی باوەڕ و پراکتیزەی ئاینیدا، لە هەموو کەسێک لەخۆدەگرێ."

هەندێک لە کۆنسێپتەکانی ناو ئەم بڕگەیە دەخەمە بەر نەشتەر.

ئەم بڕگەیە ئاوێنەی ناتەبایی و زاڵبوونی هێزی ئیسلامی عەرەبە لە دەسەڵاتی سیاسی سەپاوی عێراقدا، کە تەنیا دڵی لای زاڵکردنی ئیسلامە/عەرەبە. بۆ دەمداخستنی لایەنە نائیسلامەکانیش، بەزۆر لە کلکی بڕگەکەدا چەند وشەیەکی ناقۆڵای دەربارەی ئاین و ئەتنیکەکانی تر لە هەگبەی ئەم بڕگە شێواوەدا ئاخنیوە.

**ئیسلام ئاینی ڕەسمی دەوڵەتە:** کردنی ئیسلام بە ئاینی دەوڵەت (بڕگەی 1–7) ناکۆکە لەگەڵ بڕگەکانی تردا (بۆ نموونە، مادەی 12). کورد دەبێ ئەمە وەک بەشێک لە بەعەرەبکردن ببینێ. مادەی 12 عێراقیەکان یەکسان دەکات، بەڵام بڕگەی 7 ـ ا ئیسلامەکان دەکات بە گرووپی سەردەست. هەڵبەت ئەم دوو کۆنسێپتە بەیەکەوە ناتەبان.

جێی سەرنجە کە مادەی 4 ی قانوونەکە دەرفەت نادات کە عێراق لەسەر بناغەی مەزهەب (بۆ نموونە شیعە و سوننە) دابمەزرێ. دیارە شیعە و سوننەی ناو ئەنجوومەنی حوکم نەیان توانیووە لەسەر تاکە مەزهەبێک ڕێک بکەون. خۆ بەمە دەرکیان لە شەڕەمەزهەب دانەخستووە، بەڵکو دوایان خستووە. بڕگەی 7 ـ ا ڕێی خۆشکردووە کە شیعە و سوونەی عەرەب لە داهاتووی عێراقدا، هەریەکەیان عێراق بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. ئەمەش پاشەڕۆژی عێراق بۆ جەنگ و نشێوی دەکاتەوە.

**ئیسلام سەرچاوەیەکی بەقانوونکردنە:** ئیسلام (ئایدۆلۆجی عەرەب) دەکات بە ئایدۆلۆجی دەوڵەت و بەمەشەوە ناوەستێ دەرک لە ئیسلام دەکاتەوە بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەی بەقانوونکردن. راستە برگەکە دەنووسێ "ئیسلام سەرچاوەیەکی بەقانونکردنە" بەڵام چۆن دیاری دەکرێ چ بەشێک لە ئیسلام وەردەگیرێ بۆ قانوونی عێراق؟ کێ ئەمە دیاری دەکات؟

**نابێ قانوونێک کە لەسەردەمی گواستنەوەدا دابرێژرێ ناتەبا بێ لەگەڵ نەگۆڕەکانی ئیسلامدا:** بەمە قانوونەکە رێی لە هەموو نەریتێک دەبەستێتەوە کە ناتەبا بێ لەگەڵ ئیسلامدا. ئایا ئەمە چی دەگەیەنێ؟ ئایا کێ "نەریتی ئیسلام" دیاری دەکات؟ ئایا ئەو نەریتانە چین؟ راستە قانوونەکە برگەکانی "دەرکی دوو"ی لەو نەریتانە دەرکردووە، بەڵام هێشتا رێی زۆری کردووەتەوە بۆ چەوساندنەوە لەسەر بناغەی ئایین. پرسیار زۆرن کە لە قانوونەکەدا وەڵامیان نیە، بەڵام ئیسلام دەکرێ وەڵامیان بداتەوە. ئایا لەو بارەدا ئیسلام حوکم دەکات؟

**رێزگرتن لە ناسنامەی ئیسلامی زۆربەی گەلی عێراق:** ئەم بەشە لە برگەکە تەنیا دووبارەکردنەوەیە. هێندە دووبارەکردنەوەی ئیسلام رەنگە کەسانی بێئاین و ئاینەکانی تر بە سووکایەتی پێکردنی بزانن.

**دانانی بە ئاین و باوەڕی نا ئیسلامدا:** هەرچی برگەکەیە، لە دوا بەشیدا وەک کلکەڕستەیەک، دان بە ئاین و باوەڕەکانی (عەقیدەکانی) تردا دەنێ، بەڵام ناویان نابات. ئەمە جۆرێکە لە نکولیکردن لە ئاینەکانی تر. دەنا ئەو ئاینانەی کە بەرەسمی ناسراون، دەبوو هەموویان ناویان لە قانوونەکەدا بهاتایە. تەنانەت دەستووری حکومەتی ئیسلامی ئێرانیش سێ ئاین بە رەسمی دەناسێنێ، جوو، کریستیان و زەردەشتی. بەهایی، سابی و ئەهلی حەق، بۆ نموونە، ناونابات. بەمەش دەرک بۆ چەوساندنەوەیان دەکاتەوە.

بۆ روونکردنەوە با سێناریۆیەک وەرگرین. گەر موسوڵمانێک لە ئیسلام وەرگەڕا، بوو بە جوو. ئایا ئەم وەرگەڕانە "ئازادی باوەڕی ئاین"ە؛ "ناکۆکە لەگەڵ نەگۆڕەکانی ئیسلامدا" یان "رێزنەگرتنە لە ناسنامەی ئیسلامی زۆربەی گەلی عێراق"؟ بە یەکێک لەم خوێندنەوانە مرۆیەکی ئازادە و بە دوانیان خوێنی دەکرێتە کاسە. هەڵبەت بە فەرمایشتی پەیامبەر حوکمی وەرگەڕان لە ئیسلام کوشتنە: "کەسێک لە ئاین وەرگەڕا، بیکوژن."[1]

بەکورتی قانوونەکە رێ لەهیچ ئاینێک ناگرێ، بەمەرجێک ئیسلام بێ. کردنی ئیسلام بە ئایدۆلۆجی دەوڵەت نەیارمەتی دەوڵەت دەدا نە یارمەتی ئیسلام. مەبەستی قانوونەکە ئاشکرایە. هەر لە ئێستاوە پاسەواری بۆ سەردەستکردنی ئایدیۆلوجی ئیسلام هێناوەتەوە. بۆ نموونە، مەجلسی ئەعلا و حزبی دەعوە کاریان بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی شیعەیە. ئەم برگەیەش پشتگیریان دەکات. هەرچی حزبی ئیسلامی عێراق و رابتەی ئیسلامی کوردستانە کار بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی سوونە دەکەن. دیسانەوە هەمان برگە پشتیکریان دەکات. جا کێشەی نێوان رابەرانی ئەم دوو مەزهەبە لە داهاتووی عێرقدا دەردەکەوێ. لەنێوانیشیادا، بەرژەوەندی گەلی کوردستانی تێدا دەچێ.

ئایا دەوڵەتێک لەسەر هەر مەزهەبێکی ئیسلام دامەزرابێ دیمکرات دەبێ؟ ئایا کورد نەدەبوو پێشڕەوی یەکەمین دەوڵەتی دیموکراتی، نەک ئیسلامی لە خۆرهەڵاتی نێوەندا بکات؟ ئایا دەوڵەتی ئیسلام رێز لە مافی نەتەوایەتی کورد دەگرێ؟ ئایا هیچ دەوڵەتێکی ئیسلامی هەیە پشتگیری کێشەی کورد بکات؟ ئایا لەژێر ئاڵای ئیسلامدا، پتر لە هەزار ساڵە، کورد ئەنفال ناکرێ؟ ئایا چ گەرەنتیەک هەیە کە عێراقێکی

---

[1] Shah Abdul Halim, Islam and Pluralism, 2 May-June 2003, http://www.witness-pioneer.org/Magazine/v3i2/Pluralism.htm

**ئیسلام، کورد جەنەساید نەکاتەوە؟ ئایا لە پاش دامەزراندنەوەی دەوڵەتی ئیسلام، شەڕی شیعە و سوونە دەستپێ ناکات؟ ئایا کورد بەقوربانی ئەم جەنگە ناکرێ؟**

**لەڕۆشنایی وەڵامی گشت ئەم پرسانەدا، ئاین دەبێ تێکەڵ بە سیاسەت نەکرێ، رێزی خۆی، وەک باوەڕێک، لێبگیرێ. بۆ هێشتنەوەی، بە پیرۆزی ئیسلام لە عێراقدا دەبێ بگەڕێتەوە ناو ماڵ و مزگەوتەکان، نەک بۆ مەبەستی دەسەڵاتگرتن، بەزۆر بئاخنرێتە ناو سیاسەتەوە. گەر دەوڵەتی عێراق دەیەوێ رێز لە ئیسلام بگرێ، دەبێ بە ئاینی بیهێڵێتەوە، نەک بیکات بە ئایدیۆلۆجی دەوڵەت.**

**فاکتەری تریش زۆرن کە پشتگیری جوداکردنەوەی دەوڵەت دەکەن لە ئاین. هەندێکیان لێرەدا دەخەمە روو.**

**ئیسلام لە دوای سێپتەمبەری 11ەوە دەبێ بە جۆرێکی تر سەیر بکرێ. ئیسلام لە ئاین دەرچووە و بووە بە ئیدیۆلۆجی چەندین گرووپی تیرۆرستی وەک ئەلقاعیدە، ئەنساری ئیسلام و ئەنساری سوونە. دەوڵەتی عێراق دەبێ بەشداری بکات لە سەندنەوەی ناسنامەی ئیسلام لەم گرووپانە، نەک تێوەگلانی ئیسلام لە دەوڵەتەوە.**

**ئیسلام لە عێراقدا فاکتەری یەکخستنەوەی گەلان و گرووپەکان پێکناهێنێ، بەڵکو فاکتەری ناتەباییە. راستە عێراق زۆربەی موسوڵمانە، بەڵام جودایی لەنێوان باوەڕ و سێکتە ئیسلامیەکانی ناو سنووری عێراقدا، هێندە زۆرە، کە ئایدۆلۆجیەکی یەکگرتوو پێکنەهێنن. ئایا دەکرێ شیعە و سوننەی عەرەب یەک ئایدۆلۆجی پێکبهێنن؟ ئایا شیعەی عەرەب و تەریقەکانی کورد دەکرێن یەک ئایدۆلۆجی پێکبهێنن؟**

**بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوایەتی، کورد دەبێ جەخت لە جودایی خوی بکات لەگەڵ و گرووپەکانی تری ناوچەکەدا، نەک ناسنامەکەی وەلابخات و ناسنامەی عەرەبی لەبەربکات. خۆ گەر کورد و عەرەب بتوانن لەژێر یەک ئاڵادا تەبا بن، ئیدی کێشەی کورد چیە.**

**کورد بخوازێ و نەخوزێ لەسایەی دەوڵەتێکی ئیسلای–عەرەبیدا ئەنفال کراوە. هەر لەبەرئەوەی، دەوڵەتێکی عەرەبی گۆڕا بە یەکێکی دی، ئیدی کورد دەسبەرداری جەنەسایدی خۆی بووی. هەروا بەساکاری چووەوە پاڵ حکومەتی بەغداد.**

**بێ ئەوەی هیچ هەوڵێک درابێ بۆ بینینەوەی لاشەکانیان و ناشتنیان لە رێوشێنێکی شکۆداردا، کوردان، عێراقی هەڵوەشاوە لەسەر لاشەی 182 هەزار ئەنفال دادەمەزرێننەوە. ئەو گەلەی کە عێراقی بە گۆڕیکۆمەڵی رۆڵەکانی شەقارشەقار کرد، بوو بە هەتوان بۆ سارێژکردنەوەی زامی تاوانی عێراقی عرووبە.**

**کورد دەیتوانی لەسەر گۆڕی گومی ئەنفالەکان، نەمامی دەوڵەتی کوردی شکۆداری بروێنێ، بەڵام قانوونی بەڕێوەبردنی عێراقی ئیمزاکرد. قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق نەک خۆدزینەوە و نکولیکردنە لە بوونی گەلی کورد، بگرە پیلانی بەعەرەبکردنی کوردە.**

*سەرنج: ئەمە کورتەی یەکێکە لە رەهەندەکانی کۆرێک بۆ نووسەر کە لە لەندەن رێکخرابوو. بەشێکیشە لە ژمارەیەک گووتار لەسەر قانوونی بەڕێوەبردن لەسەردەمی گواستنەوەدا.*

دکتۆر رێبوار فەتاح، دارێکتەری کوردیش میدیایە، rebwar@ikurd.com